# ئیسلامی سیاسی.... ئامانجو ڕەهەندەکانی



ئا.هاوڕێ کاسترۆ

زاراوەی سیاسی وەك چەمکێکی گرنگ لە دونیای ئەمڕۆدا دەبینرێت ڕۆژ بەرۆژو بەردەوام لەگەڵماندا باڵادەکات، چەمکی سیاسی بەدرێژی مێژوو بە قۆناغی ململانێدا گوزەری کردوە. لەهەر قۆناغێکدا ململانێی نێوان دوو جەمسەری جیاوازو دژ بەیەکدا ڕوویداوە. بەڵام ململانێی نێوان عەقڵو ئاین یان باشتر بڵێین سیکۆلاریزمو کۆمەڵگای ئاینی پاشخانێکی درێژی هەیە. لەمێژووی ململانێی مرۆڤ، بۆیە بەدرێژایی ململانێی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە جیاوازە بۆ شرۆڤەکردنی عەقڵو ئایین بووە. بۆیە کایە کۆمەڵکایەتیەکان بەپێی ڕەوشی دۆخەکە ئاستی کێبڕکێیەکە گۆڕاوە. لەهەر دۆخێکدا زەمینەیەکی نوێتری لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەگەرچی ڕەوشی ئەم ململانێیە هەمیشە توندوتیژی بەخۆیەوە بینیوە، چەمکی دیالۆگ لەنێوان عەقڵو ئایندا لاوازبووە. تادوا جار لەگەڵ هەنگاوێکی نوێ چەمکی دیموکراسی وەك چەترێك بۆ قبوڵکردنی جیاوازەکان گۆتایی هێنان بە کوشتنی جیاوازیەکان کۆمەڵگای جیاوازیەکانیان بەرهەم هێنا، دیموکراسی بەشێك لەوترسەی ڕەواندەوەو نەریتێکی جوانی داهێنا بۆ یەکتر قبوڵکردن هەروەها ئاشنای کۆمەڵێك چەمکی نوێی کردین. لەوانە ئیسلامی سیاسی، ئیسلامی سیاسی ئەو زاراوەیە لەدوای ڕاپەڕین گوێبیستی دەبین، لەگەڵ ناوهێنانی لەهەر کۆڕو کۆبونەوەیەکدا چەندین پرسیار بەدووی خۆیدا دێنێ، دیارە ئیسلامی سیاسیش وەك هەر پارتێکی عەلمانی لەژێر کاریگەری هزرێك، ئاینێکدایە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان بۆیە کاتێك ئیسلامی سیاسی ئاین دەکاتە پرۆگرامی پارتەکەیو شوناسی سیاسی خۆیو بەم میکانیزمە دەیەوێت ئامانجەکانی بێنێتەدی، دەسەڵات وەدەستبێنێ. بۆیە زۆرجار ئیسلام بەوە تاوانبار دەکرێت کە ئاین دەکەنە ئامانجە سیاسیەکانیان بەڵام لەم بارەیەوە میکاڤیللی پێوایە دەبێ ئاین لەخزمەت سیاسەتدابێ نەك بە پێچەوانەوە... ئەو قسەیەی میکاڤیللی ئەوە دەردەخات ئاین کە کائینێکی دابڕاو نیەو دەشێت لە کایە سیایەکاندا کاربکات، لەلایەکی دیکەشەوە مرۆڤ ئازادە هەر ئاینێك دەکاتە ئامانجی سیاسی خۆی بەڵام نەك ئاین بکاتە وەسیلەیەك بۆ شێواندنی ڕەوشی ناوچەکەو تێکدانی بنەما ئاینیەکان، هێزە عەلمانیەکان داکۆکیەکی تەواوییان لەنێواندا هەیەو دەڵێت ئایین بۆ سیاسەت ناشێت بەڵکو ئاین پەیوەندی نێوان مرۆڤو خوایە. بۆبە سیاسیکردنی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە ئەم بۆچوونەی عەلمانیەکان دەیان گروپی توندڕەوی ئیسلامی دەگرێتەوە کە باوەڕیان بە دیالۆگو هیچ سیستەمێکی عەلمانی نیە بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانی جگە لە توندوتیژی بەولاوە دەیان گروپی ئیسلامی سیاسیش هەیە بە میکانیزمی گونجاو ئەدای سیاسی خۆی دەکات لە چوارچێوەی پرەنسیپی دیموکراسی. بۆزیاتر تێگەیشتن لە چەمکی ئیسلامی سیاسی چەمکە ناکۆکەکانی نێوان ئاینو ئیسلامی سیاسیو ئامانج لە ئیسلامی سیاسیدا هەیە دۆسیەی ئەم جارەمان دەبێتە سەنتەرێك بۆ دوان لەسەر ئەم دۆسیەیە چەند ڕۆشنبیرو نوسەرێك بەشداریمان دەکەنو بیروڕای تایبەتی خۆیان سەبارەت بەم دۆسیەیە دەردەبڕن.



مامۆستا عەزیز:

## پێکهێنانی گروپی سیاسی لە فیقهی ئیسلامیدا سەرەتا بە پرۆسەیەکی ئۆپۆزسیۆن دەستپێدەکاتو دوای بێ هیوا بوون لە چاکسازی دەچێتە حاڵەتی یاخیبونەوە کە ئەمەش بە گوێرەی کاتو شوێن حوکمەکانی دەگۆڕێت هەر لە خۆپیشاندانەوە تاکو.....

لەسەرەتادا پێشچوونە ناو وەڵام دەمەوێ لەسەر دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی بوەستم کە پاشگری سیاسی، بەو شێوەیە سلبیەی کەدا هێنراوی دژەکانیەتی زیاتر بۆ مەبەستی چەواشەکردنی ڕای گشتی بەکاردێت کەوا ئیسلامیەکان دەیانەوێت ئیسلام بۆ دەسەڵاتو کورسی بەکاربهێنن، گەرنا لە جەوهەری فکری ئیسلامیدا تەقسیم بەندی بەوشێوەیە وجودی نیە. چونکە ئیسلام هەم وەکو دەقەکانی هەم وەکو مەزەندە فیکریەکانی ئەو دەقانەیان مەزەندە فکریەکان کە لەسەرچاوەکانی دیکەوە وەربگرێ بریتیە لەبەرنامەیەك کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانو گرفتەکانی چارەسەر دەکات. بەڵام وەکو حاڵەتە ئیجابیەکەی دوور لە غەریزەی ململانێی نەزۆك، بەبەخشینی سیمای سیاسی بوونە

بە ئیسلامیەکان، توانادارى ئەوانە بەو پاشخانە فکریەی هەیانە بۆ ململانە لەگەڵ غەیری خۆیان. بەڵام ئامانج لەکارکردنی ئیسلامی سیاسی، بریتیە لەپرۆژەیەکی فکری لە هەموو بوارە جیاجیکان بۆ چارەسەری گرفتەکانیکۆمەلگا، بەڵام هەموو ئەوانەی لەو مەیدانەدا زەمەنیەتی خۆیان دەگوزەرێنن دەبی چاك ئامانجەکانیان دیاری بکەن بە شێوەیەك کە لەنێوان پان ئیسلامیزمو چارەسەرە نەتەوەییەکاندا تێکەلاوی نەکەن. چونکە پەیامی ئیسلام لە شوێنو کاتی دیاریکراو بەرنامەی خۆی تاو دەدات بۆیە دەبێ لەئامانجدا شوێنو کات دیاری بکرێتو هەمیشە لەبیری ئەوەدا بێت کە لەسنووری ئەو جوگرافیایەی کە تێیدا دەژیت خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ دژەکانیدا بینێتەوە. لە کوردستانی ئێمەشدا زەمەنێك کە ئیسلامیەکانی ئەو وڵاتە هاتنە مەیدانی سیاسی بەتایبەتی لە کۆتایی هەشتاکاندا، ئامانج رۆشن بوو کە خەباتکردنە بۆ سەندنەوەی مافی گەلێك کە بەعسو پاشگرەکانی شەرمیان لێکردەوەو ویستویانە سنوورەکانی فیطرةتی ئیلاهی نەهێڵن، وە لایەنە ئیسلامیەکانیش وەکو هەموو گروپێکی سیاسی دیارە تەنها ئیسلام بەکەلەپورو پاشخانەی فکری خۆیان دەزانن، لەگەڵ کەڵك وەرگرتن لە هەموو فکرەکانی دیکە، ئەمەش مافێکی رەوای خۆیانە، ئەمەش بەکارهێنانی ئاین نیە بەڵکو هەوڵدانە بۆ جیهانبینیەك کە ئەوان واقعی پێدەخوێننەوە. موزایەدە کردنیش نیە بەسەر هیچ کەسێکدا، چونکە هەموو هێزێکی فشار پاشخانێکی خۆی هەیە، ئەو پاشخانە ئایا ئیسلام بێت، لیبڕاڵی بێت.....هتد؟. ئەمەش هیچ ناکۆکیەکی لەگەڵ ناوەرۆکی ئایندا نیە. چونکە ئیسلام وەکو پەیام کە بۆ مرۆڤایەتی هاتووە، مرۆڤەکان سروشتی جیاوازیان هەیەو دەکرێت گروپی جیاوازیان هەبێت، بەمەرجێك بوونی گروپی جیاواز هۆیەك نەبێت بۆ رەخنەگرتنێکی روخێنەر بەڵکو وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ادفع بالتی هی احسن﴾بێت واتەی ئەگەر کەسێك رەفتارێکی خراپی نواند تۆ بە لێبوردنو چاکتر وەڵامی بدەیەوە.واتە پێکهێنانی گروپی سیاسی بۆ چاکسازی کۆمەلایەتی بێت نەك بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانو ئەدایەکی تەسکبین بێت، شێوازی ئەم دروستبونەش لە فیقهی ئیسلامیدا سەرەتا بە پرۆسەیەکی ئۆپۆزسیۆن دەستپێدەکاتو دوای بێ هیوا بوون لە چاکسازی دەچێتە حاڵەتی یاخیبونەوە کە ئەمەش بە گوێرەی کاتو شوێن حوکمەکانی دەگۆڕێت..... هەر لە خۆپیشاندانەوە تاکو..............، هەندێك کەس کە قەناعەتی بە گروپبەندی نیەو پێیان وایە ئەمە جیاوازی دروست دەکات، دیارە بەحاڵەتی سلبی بوون وەکو بەرژەوەندیگەرێتیو خودگەراییو هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مەبەستە شەخسیەکانو راهێنانو پەروەردەکردن لەسەر رقلێبونەوە لە کەسانی غەیری گروپی خۆت منیش پێم وایە حاڵەتێکی سلبیو بوونی نارەوایە، بەڵام بۆ وەکو حاڵەتێکی ئیجابیو لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی گونجاو دەبێتە شتێکی پێویست واتە(ضروری). نەیارانی فکری ئیسلامی کە زۆر جار دەڵێن تاوانە ئیسلام وەکو پاشخانێکی فکری بۆ ململانێی سیاسی بەکاربێت، ئەو تەرزە فکرانە لە دڵسۆزیان نیە چونکە ئەگەر دڵسۆزی دین بن دەبێت لە هەموو کەس زیاتر پابەندی ئیسلام بن، بەڵکو فکرە سیکۆلاریزمەکان(نادینیەکان) دەیانەوێ ئیسلام لە هەموو بەهاکان دابڕنو لەکاتێکدا دۆستێکی بەدزیو بەپەناو نیشانە شکێنێکی بەڕێز. ئەگەرنا پێم وانیە کەسێك خۆی قەناعەتی بەفکرێك نەبێت ببێتە پارێزەریشی.



## شەماڵ عەلی:

# وەك چۆن منێکی کۆمۆنیست بۆم نیە سبەینێ لەهەڵبژاردندا بۆ ئەوەی دەنگی زۆرتر بهێنم بڵێم لەبەر ئەوەی مارکسو مەنسور فلانو فیساریان گوتووە، دەبێت ئێوە دەنگ بەمن بدەن، هەروا ئیسلامیەکیش نابێت لەسەر بنەمای حەدیسو قورئان دەنگی خەڵك کۆبکاتەوە.

ئیسلامی سیاسی جولانەوەیەکە ئیسلام وەك ئایدۆلۆژایەك بەکاردەهێنێتو دەیەوێت پێداویستیەکانی سازدانەوەی راستڕەویی لەکۆمەلگادا فەرهەم بهێنێتو بۆشاییە ئایدۆلۆژیو سیاسیەکانی ئەم راستڕەویە پڕبکاتەوە. ئیسلامی سیاسی جولانەوەی ژێرپێنانی سادەترین ئازادیو مافەکانەو دەیەوێت خۆی بخاتە خزمەتی ئەو چینە کۆمەلایەتیانەوە کە پەرەگرتنو کرانەوەی کۆمەلگا لەگەڵ قازانجو بەرژەوەندیەکانیان نایەتەوە. ئامانجی ئیسلامی سیاسیی وەك ئەحزابو هێزی سیاسیی بەدیاریکراوی بریتییە لە گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسیو جێبەجێکردنی ئەجێندای دژی ئازادی. ئیسلامی سیاسی ئامانجیەتی کە لە رێگای بەکارهێنانی دەسەلاتەوە لەمپەر بخاتە بەردەم مۆدێرنبوونی کۆمەلگەکانو بوار بە فروانبوونی مەوداکانی ئازادیە فەردیو کۆمەلایەتیەکان نەدات. لە کوردستاندا بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی دەیەوێت لەهەلومەرجی سەرگەردانیو ئەزمەی قوڵی کوردایەتی سوود وەربگرێتو گورزی سەرکوتو بەربەست دروستکردن لە بەرامبەر مۆدێرنبوونو کرانەوەی کۆمەلگەدا لەدەست دەسەلاتدارانی ئێستا دەربهێنێتو خۆی ئەرکی پاراستنی قازانجو بەرژەوەندیەکانی چینەدارەکانی کۆمەلگەو درێژەپێدانی بێ مافیو نایەکسانیو دیلهێشتنەوەی کۆمەلگە لە ئەستۆبگرێت.

لەبەرچەند هۆ کە بەبڕوای من گرنگترینیان ئەمانەن:-

یەکەم: ئەوەیە کەئایین دەتوانێت چەکێکی ئایدۆلۆژی کارابێت بۆ کۆکردنەوەو هەڵخراندنی هێزێکی تۆکمەو بە دیسپلین. ئیسلامیەکان دەتوانن لە رێگای دەقە ئاینیەکانەوە سیاسەت بەرنە بچکۆلەترین جوغزی ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە. هیچ بیروباوەڕێك، بە ئەندازەی ئاین نەیتوانیوە سنوور بۆ ئازادیەکانی تاك دابنێتو زەمینەی توانەوەیان لە گروپێکدا فەراهەم بهێنێت.. ئاین بەگشتیو ئیسلام بەتایبەتی تەنها کۆمەلێك سروتی خواپەرستی نییە، بەڵکو لەلایەنێکدا سیستەمێکە لەبەهای ئەخلاقی کە ئابلۆقەیەکی سەرسوڕهێنەری هەڵسوکەوتی ئینسانەکان دەداتو نوزەلەبەر ئازادیان دەبڕێت. بەکارهێنانی ئایین لەبواری سیاسەتدا هێزێکی گەورە بەبەرئیسلامیەکان دەبەخشێت بۆ کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی ئەو هێزەی لەدەوریان کۆدەبێتەوە، بەم مانایەش ئیسلامو ئاین بەگشتی هێزێکی هەڵخرێنەری گەورەی هەیە.

دووەم: ئەوەیە کە ئاین خەرمانەیەك لە پیرۆزی بەدەوری سیاسەتو بەرنامەی ئیسلامیەکانەوە دروست دەکات.. بۆ نوونە تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، ئەگەر هێزێکی سیاسی مۆدێرن بێتو بڵێت: بەرنامەی من بۆ ڕێگاگرتن لەتاوانی ئازاردانی جەستەیی منداڵ ئەوەیە هەر باوکێك لەمنداڵەکەی بدات پەنجەتووتەی دەقرتێنم، چی ڕوودەدات؟ گۆمەڵگە تووشی شۆك دەبێت، بەڵام ئیسلامیەك دەتوانێت زۆر سادە بە پشتیوانی شەرع سزای زۆر لەوە قورستر بەڕەوا لەقەڵەم بداتو پەنجا لە ئایەتو سەد حەدیست بۆ بهێنێتەوەو دەیسەلمێنێت کە ئەو سزایە عەینی شەرعو عەدالەتی ئلاهیە. بەکارهێنانی ئایین لەلایەن ئیسلامیەکانەوە، ئەوان لە موناقەشەی عەقلانیو ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی سیاسەتو بەرنامەیان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدایە مەعاف دەکات.. سێهەم: ئەوەیە کە ئایین خۆی لەخۆیدا ئیسلامیش وەك هەر ئاینێکی دیکە دەسەڵاتە. مەبەستم هەر دەسەڵاتێکی مەعنەوی نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی ماددیو بەرجەستەیە. ئاین بەپێچەوانەی تێگەیشتنێکەوە کە بەسەرماندا دەسەپێندرێت، کۆمەڵێك بیروباوەری ڕوت نییە، بەڵکو دامودەزگاو ئەختەبوتێکە دووملا بیانەوێت حزبێك پێکبهێنن، سەرباری ئیعتبارێکی مەعنەوی، هەر ئیمکانیاتێك کە دەیانەوێت لەبەردەستیاندایە. ئاین بەگشتی بیزنسێکە کە چینە دەسەڵاتدارەکان بەدرێژایی مێژوو بەو ئەندازەیەی بۆ پارێزگاری دەسەڵاتیان سوودیان لێ بینیوە، بەو ئەندازەیە پارەو ئیمکانیاتیان لەم بیزنسەدا وەبەرهێناوە. ئەحزابێك کە دەیانەوێت سوود لە ئایین وەربگرن، لە ڕاستیدا لەیەکەم ڕۆژەوە سەرمایەیەکی خەیاڵیو سەرچاوەی پولو پارەی بێ حسابو کیتابیان لەبەردەستدایە. دامەزراوەی مزگەوتو میکانزمێکی جێکەوتوو لە پەیوەندگرتنو هەڵخراندنی هێزیان بۆ فەراهەمە. ئەگەر تۆپێت وابێت کە ئایین کاری شەخسی ئینسانەکانەو نابێت لەکاروباری کۆمەڵایەتیو بەتایبەت لەدەسەڵاتدا ڕۆڵی هەبێت، ئەو دەم بەڵێ بەکارهێنانی لە کایەی سیاسەتدا ناکۆکی لەگەڵ ئەو جۆرە تێگەیشتنە هەیە.

بەڵام ئەوەی تێگەیشتنێکی هاوچەرخە لەبابەت ئاینەوە. لە مێژوودا ئایین هەمیشە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی هەبووەو هەمیشە بەشێك لە دەسەڵات بووە، یان هەوڵیداوە بەشێك بێت لێی. ئیسلام لەلایەن ئیسلامیەکانەوە بە شمشێرو کیتاب، ئایینو دەوڵەت پێناسە دەکرێت. من پێموایە لە مێژوودا بەڵگەی زۆرتر بۆ ئەو تێگەیشتنەی ئەوان هەیە، تا ئەوەی پێی وایە دەبێت بایەخ بە ڕەهەندی ڕۆحی تاکەکان بدات. ئەگەر ئێمە بمانەوێت کارێك بکەین کە ئاین لەکایەی دەسەڵات بکەینە دەرەوەو بیکەینە بەشێك لەشتە تایبەتیەکانی هەرکەسێك، دەبێ خەبات بۆ ئەمە بکەینو ئاینو ئیسلام بخەینە ژێر گوشاری ڕەخنەی عەمەلیەوە، دەبێ ئەمە بەسەر ئاییندا فەرزبکەین. عەلمانیەتو سەندنەوەی ئەو مافە لەئایین کە ژیانی ئێمە لەقاڵب بدات، حالەتێکە لە نەبوونی ئایین کەدەبێت خەباتی بۆ بکەین، مەبەستم ئەوەیە کە عەلمانیەکان ئەرکیان ئەوە نییە لەسەر بنەمای ئایین خۆی لێکدانەوەیەکی دی بۆ ئایین بکەن. با لێگەڕێین ئاینەکان خۆیان، پاش ئەوەی ئایین بەزەبری خەبات لە کایەی کۆمەڵایەتی دەسەڵات دەکرێتە دەرەوە، ناوەرۆکی ترو پێناسەی ترو کاری تر بۆ ئایین بدۆزنەوە. لەمێژووی هاتنەدی سیستەمی عەلمانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا ئەم کێشەیە هەر بەو جۆرە یەکلایی کراوەتەوە، پاڵەوانەکانی فیکر چەند دەیە، بگرە چەند سەدە ڕەخنەیان ئاراستەی ئایین کردووەو شۆڕش ئاڵوگۆڕەکان پاشەکشەیان بە ئایین کردووەو ئاینەکانیان ناچار کردووە کە زۆرتر ڕەهەندی ڕۆحی ئایین بەرجەستە بکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا تا ئێستا بەشێك لەوانە بەعەلمانی ترین کۆمەڵگاکانیشدا کۆڵ نادەنو تەقەلا دەکەن کە ڕۆڵی خۆیان لەژیانی کۆمەڵایەتیو دەسەڵاتدا بژێننەوە. دیارە وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، خەباتکاری ڕێگای ئەوەم کە ئایین هیچ ڕۆڵێکی لە ژیانی سیاسیدا نەبێت.

بەڵام ئەگەر ئەوە دەشێتو ناشێت بۆ ئەوە بێت کە ئەحزابێك کە لەسەر بنەمای ئایین دامەزراون ڕێگەیان پێ نەدرێت، من موخالیفی ئەمە دەبم. من پێموایە عەلمانیەکی ئازادیخواز نابێت دروشمی جیاکردنەوەی ئاینو سیاسەت هەڵبگرێت، تاکەکانی کۆمەڵگە سیاسەت دەکەنو هەریەك ئایدۆلۆژیایەك بۆ سیستماتیك کردنی بیرکردنەوەی سیاسی خۆی بەکار دەهێنێت. کاری منو تۆو هیچ دەسەڵاتێك نییە، ئایدۆلۆژیای ڕێپێدراوو ڕێپێنەدراو لەکایەی سیاسی دیاری بکەین. ئێمە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین، کە دەسەڵاتو دەوڵەت نابێت ئایدۆلۆژیای ڕەسمی هەبێت، هیچ ئایدۆلۆژیایەك نەك ئایینی نە غەیری ئایین. وەك چۆن منێکی کۆمۆنیستی مارکسیست بۆم نییە سبەینێ لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بۆ ئەوەی دەنگی زۆرتر لە هەڵبژاردن بهێنم بڵێم لەبەر ئەوەی مارکس لە کیتابی سەرمایەداو مەنسور حکمت لە بەرنامەی (دنیایەکی باشتر)دا فلانو فیساریان گوتووە خەڵك دەبێت ئێوە دەنگ بە من بدەن، هەروا ئیسلامیەکیش نابێت لەسەر بنەمای حەدیسو قورئان دەنگی خەڵك کۆبکاتەوە.

با ئیسلامیەکان بێنو بۆ کۆمەڵگەی بسەلمێنن کە چەند ژنەو بڕینی دەستی دزانو سەنگەسارکردنی ژنانو عاشقانو تەمبێکردنی ژنانو منداڵان بەلێدانو ئازاری جەستەییو درێژەدان بە حوکمی ئیعدامو داسەپاندنی حیجاب بەسەر ژنانو جیاکردنەوەیان لە پیاوان لە خوێندنو کارکردنو..هتد، سزادانی مەشروبخۆران بەقامچی لەبەرچاوی خەڵکداو پارێزگاری کردن لە کۆیلایەتی کرێگرتەو خاوەندارێتی تایبەتی لە قازانجی کۆمەڵگەدایە، باهەوڵ بدەن کە خەڵك بەم بەرنامەیە خۆیان قانع بکەنو ببنە حکومەت. کە بوشن بە حکومەت وەك چۆن منێکی کۆمۆنیست ناتوانمو نابێت ڕێگەم هەبێت، ئەگەر دەسەڵاتم گرت، ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بکەمە ڕەسمیو لە مەکتەبەکان بەزۆر بەمنداڵی بخوێنمو مارکسیزم بکەمە سەرچاوەی یاسادانان، ئیسلامیەکیش نابێت مۆڵەتی پێبدرێت ئیسلام بکاتە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی دەسەڵاتو ئیسلام بکاتە بنەماو سەرچاوەی یاسادانان.

من نەك تەنها ئیسلامیەکان، خۆم بە موخالیفی ئایینی ئیسلامیش دەزانم، بەڵام ئەم موخالەفەتەم لە بڕوای قووڵم بە ئازادی سیاسی بێ قەیدو شەرت گەورەترنییە. بەبڕوای من ئیسلامیەکان تاکاتێك زمانی هەڕەشەو تیرۆر بەکاردەهێنن دەبێت وەك هەر تاوانکارێك بخرێنە زیندانەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە شەڕیان پارێزراوبێت. ئەحزابی تیرۆرستی ئیسلامی دەبێت وەك هەرباندێکی تاوانکاری تر قەدەغەبنو قەلاچۆبکرێن. بەڵام پێموایە هەرکەسێك بەهەر بیروباوەڕێکەوە تەنانەت بیروباوەڕی فاشستیو ئیسلامیش، دەبێت ئازادبێت لە هەڵسوڕانی سیاسیو حزبی بکات. مەسەلەیەکی دی کە زۆر گرنگە سەبارەت بە ئیسلامیەکان لە بەرچاوی بگیرێت ئەوەیە کە دامەزراوە ئاینیەکانی کۆمەڵگە نابێت ببێتە سەرچاوەو سەرمایەی ئەوان، مزگەوتەکان نابێت جێگای کۆبوونەوەو هەڵخراندنی هێزە ئیسلامیەکان بێت. مینبەری مزگەوتەکان نابێت لەلایەن کەسانی حزبیو سەربەهێزە ئیسلامیەکانەوە بۆ بانگەشەی ڕاستەوخۆی یان ناراستەوخۆ بۆ بیروباوەڕی سیاسیو سیاسەتەکانی ئەو هێزە ئیسلامیانە سوودی لێ وەربگیرێت. دامو دەزگا ئاینیەکانی کۆمەڵگە نابێت بەهیچ جۆرێك لەبن دەستی ئەم حزبانەدا بێتو نابێت ئەو دامودەزگایانە بێ حیسابو کیتابو چاودێری کردن بێت. سەرچاوەی داهاتی ئەم حزبانە دەبێت قابیلی کۆنترۆڵکردنو چاودێریکردن بێت.



# مافناس صالح مەلا:

# دەتوانم بڵێم بەکارهێنانی ئیسلام بۆ مەرامو مەبەستی ململانێی سیاسیو دژی نەیارو گروپەکانی دیکە ئەو بەکارهێنانە وەرەقەیەکی سووتاوەو هەپی بەیازە

سەرەتا پێویستە هەموولا ئەوە بزانین کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دوا بەرنامەی خوای گەورەیە ناردویەتی بۆ چاوساغیو ڕێنمایی مرۆڤەکان، لە هەموو کایەکانی ژیاندا. بەمەبەستی وەدیهێنانی بەختەوەری لەدونیاو دوارۆژدا. مرۆڤی باوەڕدار باوەڕی وایە کە ئیسلام ئەو بەرنامە بێکەموکوڕیەی دروستکەری هەموو بونەوەرەکانە، ناردویەتی بە کەتەلۆك بۆ مرۆڤەکان تا لەبەر ڕۆشناییو ڕێنمایی ئەودا لەگەل بەکارهێنانی ژیریاندا هەنگاوباون، بەژیرانەو دانایی لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا.. لە نوێژو مزگەوتیەوە بگرە تادەگاتە لوتکەی دەسەڵات دەبێت ئەو مرۆڤە باوەڕدارە وێنەیەکی جوانی ئەو پەیامە مهرەی خوای میهرەبان بێت، ئەگەر وانەبوو ئەو ئیسلامیەتیو دینداریەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە لەلایەن خواو بەندەکانیەوە.!! چونکە وەك گووتمان ئیسلام نەخشەی خوایە بۆ هەموو پەیوەندیەکانی مرۆڤ چ لەسەر ئاستی تاك لەگەڵ خۆیو خۆیدا، لەگەڵ خۆیو خێزانەکەیدا، لەگەڵ خۆیو کۆمەڵگایدا، لەگەل خۆیو بوونەوەری دەوروبەریدا، لەگەڵ خۆیو خوایدا.. چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بە هەموو ڕەهەندە ئاڵۆزو پەیوەندیە جۆراوجۆرەکانیەوە. نەخشەیەکە هەموو وردەکاریەکانی ئەو بوارە جیاجیاو جۆراوجۆرانەی ژیانو مرۆڤەکانی لەبەرچاوگرتووە بەجیاوازی شوێنو کاتو تواناکان... لەگەڵ فەرامۆش نەکردنی ژیری مرۆڤدا. بەڵکو ژیری مرۆڤو تواناکانی شوێنکاری ئەو نەخشەو پەیامە خواییەن. نەخشەیەکە هەڵەی بە ئەنقەست بەهیچ جۆرێك لەهیچ کەس قبوڵ ناکات لەژێر هەر ناو بیانو پاساوێکدابێت. نەخشەیەکە رایەڵەکانی شۆردەبنەوە، بۆناو ناخو مەبەستە شاراوەکانی مرۆڤەکان، ئەم دونیای نزیك دەبەستێتەوە بەو دونیای دوور قیامەتو کارو مەبەستەکان پێکەوە گرێدەدا. کەواتە هاوکێشەکە بەم شێوەیە کاری چاك+ مەبەستی چاك= گیرایە لای خواو بەسوودە بۆ هەردوو ژیان. مەبەستی چاك+کاری چاك= پەسەندی لای خوایەو ڕەنگدانەوەی باشی هەیە بەڵام کار هەیە هەرچیەك بێت + مەبەستو نیازی ناپاك= ڕەتکراوەیە لای خواو دەرئەنجامی خراپی هەیە لەدونیادا. ئیسلام ئایینو بەرنامەیەکی تێکەڵکێشەو هەمووی بەیەکترەوە بەستراوەتەوە هیچی بێ هیچی کاری پێویست ناکاتو مەبەستی دروست بۆ دونیاو قیامەتی مرۆڤایەتی نادا بەدەستەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە کە هەموو بوونەوەرەکان پەیوەندارن بەیەکترەوەو کاریان تەواوکاری یەکتریە. مرۆڤەکانیش بەشێکن لەم بوونەوەرە تێکەڵکێشە، پێکهاتەیان- لایەنە جەستەییو مەعنەویەکەی- تێکەڵکێشی یەکترینو بەهەموویانەوە وێنەیەکی جوانو تەواو دەدات بەدەستەوە. هەمان وێنە بوارە چالاکیەکانی مرۆڤ لە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو کولتووریو وابەستەو تەواوکاری یەکترنو بەهەموویانەوە بە جوڵەی هاوسەنگیانەوە وێنەیەکی تەندروستی جوانو هاوسەنگ دەبەخشن بەژیانی مرۆڤو کۆمەڵگاکەی.ئەمڕۆ ڕاستی ئەو هاوکێشەیە- پەیوەندی تێکەڵکێشو توندو تۆڵی بوونەوەرەکانو مرۆڤیش لەناویاندا لەگەڵ یەکدی بەڕونو ئاشکرا دەرکەوت کە جیهانی مرۆیەکان هەمووی بۆتە یەك ماڵ نەك یەك گوندو گەڕەك! لەڕووی کارلێکردنیان ڕووداووو دەرکەوتە سیاسیو ئابووریو فەرهەنگیان.. ئەمڕۆ سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن. لە کۆکاری ئەو نووسینەی پێشەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئامانج لە کارکردنی حزبی ئیسلامی دەبێت ئیشکردن بێت بەو نەخشەو پەیامە خواییە کە ئیسلامە بەمەبەستی نواندنو نیشاندانی بەندایەتی بۆ خوداو خۆشکردنی ئەم ژیانە بە هەمو بوارە جیاکانی لەژێر سایەی ئەم بەرنامە گشتگیرەدا. کە ئامانج لەهاتنی بەختەوەرکردنی تاكو کۆمەڵو مرۆڤایەتیە لەدونیاو قیامەت، بەکارهێنانی ئیسلام جگە لەو مەبەستە پاكو جوڵە هاوسەنگەی ئاماژەمان پێدا بەکارهێنانی بۆ هەر مەبەستو ئامانجێکی دیکە، لەژێر هەرپەردەو بیانوێکدا بێتو لەلایەن هەر کەسو گرۆیەکەوە بێت لای خوا ڕەتکراوەیەو لەلایەن مرۆڤە هۆشیارەکانیش جێگەی پرسیارو دوو دڵیو لەسەر وەستانە.!! دەتوانم بڵێم بەکارهێنانی ئیسلام بۆ مەرامو مەبەستی ململانێی سیاسیو دژی نەیارو گروپەکانی دیکە ئەو بەکارهێنانە وەرەقەیەکی سووتاوەو هەپی بەیازە زۆرتر دەسەڵاتە تۆتالیتارو دیکتاتۆرە خۆسەپێنەکان پەنای بۆ دەبەن بە تایبەتی لەکاتی هەستکردن بەلاوازیو لێقەومانو مەترسی جددی..بەڵام بە دڵنیایی ئەو دەمامکە سیاسیە ئایینیە زوو یان درەنگ ئاشکرادەبێتو سوود بەخاوەنەکەی ناگەیەنێتو خوای گەورە ئابڕووی دەبات. هەروەك چۆن بینیمان خۆکردن بە(عبدالله المومن)دادی سەدامی گۆڕبەگۆڕی نەدا لەجەنگو ململانێ دۆڕاوەکانیدا..!!. لە کۆتاییدا دەبێژم ئیسلام ئایینی ژیاریو ئاشتیو مەدەنیەتو پێکەوە ژیانو هەڵکردنو خوێندنەوەی دەوروبەرە. جوانیەکانی نەیارەکانیشی ڕەتناکاتەوەو سفریان ناکات، بەڵکو دەیاننرخێنێو سوودیان لێوەردەگرێت. ئەوە لەگەڵ نەیارەکانی ئەدی بۆ کۆمەڵگاو نەتەوەیەك کە خۆی بە موسڵمان دەزانێ؟! بێگومان ئیسلام هانیان دەدات نەك هەر ئەوە بەڵکو فەرمانیشیان پێدەکات کە لەشتە هاوبەشە باشەکان کۆكو هاوکاربنو چاوپۆشی لە جیاوازیەکانی یەکدی بکەن. نەفرەتیش دەکات لە دژایەتیو پەرتەوازەیو ململانێو ملشکاندنی یەکتریو پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین گەر کەسێك، گروپێك، دەسەڵاتێك، پێچەوانەی ئەو بنەماو پرەنسیپە جوانانە گوفتارو ڕەفتاری نواند ئەوە خۆی لێی بەرپرسیارە نەك ئیسلام.. وەك دەڵێن﴿ هەنگووین تاڵ نیەن ئەوەی زاری نەخۆشە تاڵە﴾.



# سالار ڕەشید:
# ئیسلامی سیاسی دەیەوێت سیاسەت بۆ ئایین بگەڕێنێتەوە

ئیسلامی سیاسی هەروەکو بەنێوەکەیەوە دیارە واتە، ئیسلامێکی تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت، واتە، پێچەوانەی ئیسلامێك کە ئیسلام وەك ئایین بە پەیوەندی نێوان خۆیی‌و خوداکەی خۆی دەزانێت. ئیسلامێکیش سیاسەتی کرد، واتە ئیسلامی کونجی ماڵ‌و خەڵوەتگاکان نییە، بەڵکو ئیسلامی ڕێکخراو لە حزب‌و بزووتنەوەکانەوە چاوی بڕیوەتە دەسەڵات‌وگەرەکێتی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بەڵام لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەکیش بەوە بکەین کە، ئیسلام لە بنەڕەتداو هەر لە دەستپێکی خۆیدا سیاسی بووە، بزووتنەوەیەك بووە، ململانێی لەسەر دەسەڵات کردووە.هەنووکە کە ئیسلام لە کۆمەڵگاکاندا وەك سەردەمی سەرهەڵدانی نەماوەتەوە، ئیسلامی ئێستا لەگەڵ ئیسلامی پێغەمبەر جودایە، جوداییەکە پێش هەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە، نەك بۆ بێباوەڕی، ئیسلامی زادەی کولتوورو عەقڵیەتی دواکەوتووی خێڵەکی کۆمەڵی مەککە، لەگەڵ کۆمەڵگای شارستانی‌و دنیای پێشکەوتووی سەرسوڕهێنەر گەلێك بەیەکدی نامۆن! بۆیە ئیسلامی ئەم سەردەمە، ئیسلامێکی کولتوورییە، واتە لە سنووری خوونەریتدا ماوەتەوە، بۆیە ئەم کۆمەڵگایانە کە واباوە پێیان بگوترێت، کۆمەڵگای ئیسلامی، لە راستیدا نە کۆمەڵگای ئیسلامین‌و نە دەشتوانن ببنە کۆمەڵگای ئیسلامی. ئەگەر پێغەمبە زیندوو ببێتەوە( ئۆمەتی)خۆی ناناسێتەوە! جارێکی دی جەختی لەسەر دەکەمەوە، مەسەلەکە هەڵناگەڕێتەوە بۆ باوەرکزی‌و باوەڕ پتەوی، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی زەمانەو ئیدی پێگەیەك بۆ ئیسلام نەماوەتەوە. کەواتە، ئەگەرچی ئیسلام لە بنەڕەتدا تەنهاو بەس ئیسلامی سیاسییە، بەڵام لە ئێستادا ئیسلامی سیاسی‌و ئیسلامی غەیرە سیاسیمان هەیە. ئێستاو پاش ئەم قسانە، دەتوانم ڕۆشنتر وڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە. ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بۆ ئەو بنەڕەتە بگەڕێتەوە، لەیەك وشەدا.. ئایین بیروباوەڕو دنیابینیەکی کۆنە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دەکرێ بڵێین ئایین وەك دیاردەیەك لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا سەری هەڵداوەو کاریگەری‌و پاشماوەکەشی بەپلەی جیاواز، بەسەر هەموو کۆمەڵگایەکیشەوە ماوە، واتە، پاشماوەی ئایین لەچاو سەدەکانی رابردوو، بەرووی کۆمەڵگاکانەوە هەرماوە، دەی چاکە بۆچی ئایین لە ململانێی سیاسیدا بەکار دەبرێت؟ بەکاربردنی ئایین دووجۆرە: یەکەمیان، دەکریتە ئایدۆلۆژی‌و بەرگی حزبە سیاسیەکان‌و ئەحزابگەلی ئیسلامی لێ پێکدەهێندرێت. بۆچی؟ چونکە ئەلتەرناتیڤەکانی دیکەی وەك، ناسیۆنالستی غەیرە دینی، شکستی خوارد بۆ کێشەکانی کۆمەڵ بێ وەڵام مایەوە. کۆمۆنیزمیش کە وەڵامی کارسازی پێیە، نەیتوانی قامەتی خۆی راستکاتەوە. دوەمیان، بەکاربردنی ئایین لەلایەن حزبە غەیرە دینیەکانەوە تەنانەت بەوانەشەوە کە خۆیان بە بێدین وەیان عەلمانیش دەزانن. ئەمانەی دووەم ئیسلامی سیاسی بەهێز یان بێهێزبێت، کەڵك لەئایین وەردەگرن بۆ هێرشکردن‌و پارچەپارچکردنی خەڵك، ئەمەش لە ململانێی سیاسی‌و پاراستنی دەسەڵاتیان لەهەمبەر کرێکاران‌و خەڵکی زەحمەتکێش بۆیان بەکەڵکە، ئەگەریش ئیسلامی سیاسی بەهێز بوو، ئەوا دەرەنجامی هێزوهاوسەنگی زیاتر بایەخ بەئایین دەدەن، بەڵام دەیانەوێت لەبەرامبەر ئەو ئیسلامە سیاسیە، ئایین بەجۆرێکی دیکە پێناسە بکەن. واتە ئایین دەلاوێنن‌و بایەخی پێ دەدەن‌و بەرزی رادەگرن، بەڵام لەو جێگایەی کە بۆ ئەوان مەترسییەك پێکدەهێنێت دەوەستنەوە، ئەو مەترسیەش تێکەڵبوونەوەی سیاسەتە لەگەڵ ئایین. ئالێرەدا ئیدی ئەم حزبانە تەنانەت ئامادەن لەگەڵ ئیسلامی سیاسی(میانرەویش)دەست تێکەڵ بکەن بۆ بنکۆڵکردنی بنکاری ئیسلامی سیاسی(توندڕەو)بەکاربردنی ئایین بۆسیاسەت‌و بۆ دەسەڵات راستیەکەی ئەم پرسیارە بۆخۆی لە روانگەو تێڕوانینی جۆری دووەمەوەیەو بۆقازانجی ئەویشە. واتە لە هەوڵی ئەوەدایە کە وا پێناسە بکات کە گوایەئیسلام ئاینێکەو ناوەڕۆکەکەی خوداپەرستی‌و عیبادەتە نەك سیاسەت، بەڵام بەبڕوای من هیچ ناکۆکیەك لەنێوان ئەم دوانەدا نییە، هەروەکو پێشتریش باسمکرد، ئیسلام بۆخۆی هەر لەدەستپێکی خۆیدا، تێکەڵی سیاسەت بووە، ئیدی ناکۆك بێت ئەمە راستی مەسەلەکەیەو لەبەرژەوندیدا نییە پەردەپۆش یان روتوش بکرێت. دیارە ئەوە زۆر چاکە کە هێزی رادیکاڵ‌و عەلمانی‌و پێشکەوتخواز ببنە لەمپەر لە بەرامبەر گێڕانەوەی سیاسەت بۆ ئیسلام، دەبێ نەك هەر بەوە بوەستینن بەڵکو دەبێ! بە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت‌و یاسا، لە پەروەردەو فێرکردن ئەوەندەی دیکە ئەم ئامانجەی گروپە ئیسلامیەکان دووربخەینەوە.

جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت‌و پەروەردەو فێرکردن زەبرێکی کوشندەیە لە ئایین بەگشتی‌و لە ئیسلامی سیاسی بە تایبەتی. ئەمە راستیەکە بەراشکاوی دەیڵێم. بەڵام زۆرێك هەن پێیان وایە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دژ بە ئایین نییەو بەڵکوو ڕێزدانانە بۆ ئایین، ئەمانە مەرایی دەکەن بە حسابی خۆیان بە سیاسەت وا دەڵێن، خۆ کاتێك باسی جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت دەکەیت، ئیسلامیەکان قەڵس دەبن‌و چونکە دەزانن بەم کارە ئەوان چەند هەنگاو لە ئامانجەکەیان، گێڕانەوەی سیاسەوت بۆ ئایین دووردەخرێنەوە. ئایا دەشێت ئایین رەهەندێکی سیاسی هەبێت بۆ ململانێ لەگەڵ گروپە سیاسیەکاندا بەبڕوای من نەخێر. ئەمە شتێکی نادرووستە، ئەمە دیزەبەدەرخۆنەیە.. ناراستگۆییە بەرامبەر بەخەڵك. ئەمە کاری بزووتنەوەو حزبگەلێکن کە نایانەوێ دەستبەرداری ئایین بن، چونکە دەزانن بۆ دەسەڵاتەکەیان خێرێکی تێدایە. پاشان بۆچی ئایین لە قاڵبێکدا لەدژی ئایین لەقاڵبێکی دیکەدا بەکاربهێندرێ؟! بۆچی ئایین هەر دەبێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بهێڵدرێتەوە؟! ئایین لە دنیای ئەمرۆ چ کارەیە؟! دەنا دەسکەوتە زانستی‌و مرۆڤایەتیەکان کەمن تا ئەگەر بتەوێ شەڕی ئیسلامی سیاسی یان ئایینی پێ بکەیت؟ ئەی سەروەت‌و سامان کەمە. تا وەڵامی پێداویستیە مادیەکانی خەڵکی پێ بدەیتەوەو خەڵك لە ژینگەی پیسی نەبوونی‌و کوێرەوەری‌و میکرۆبی جەهل‌و خورافەی لێ نەدا؟ راستیەکەی حزب‌و دەسەڵاتێك پەنا بۆ ئەو ڕێگەچارەیە دەبەن، کە یەکەم نایانەوێت دەستبەرداری ئایین بن، دووەم نایانەوێت‌و ناشتوانن وەڵامی پێداویستی‌و خواستەکانی خەڵك بدەنەوە.